بەڕاستی سەیران واتای حەوانەوەیە!

ئا: ئازاد جەلال



سروشتی کوردستان و دیمەنە جوان ودڵڕفێنەکانی هەڵدەگرێ کە مرۆڤ ماندوویی بحەوێنێتەوەو لەباوەشی بەهارێکی سەوزدا ئارام بگرێ، بەڵام چۆن و بەچ شێوەیەك؟ ئەمە جێی قسە لەسەر کردنە. جیاوازتر لە ساڵان و بەتایبەت لەدوای نەمانی ڕژێمی بەعس، ئەمساڵ ژمارەیەکی بەرچاو ڕوو دەکەنە دەشت و لەوێ بەنیەتی حەوانەوە پشوو دەدەن، بەهاری ئەمساڵیش هەروەك ساڵانە بەڵام جوداتر لەوەی کە زۆرترین ڕێژەو ژمارەی هاووڵاتیان سەیرانی تیا دەکەن.

لەنزیك گوندی زرگوێز کە بەملاولادا چەندین ئۆتۆمبێل لایدابوو بەڕیز کورسییان دانابوو، سەیری ئەو دیمەنانەیان دەکرد، لەوێ پیاوێك کە لەگەڵ ماڵ و خێزانەکەیدا دانیشتبوو وتی: "بەپێی توانا لەجومعەکان دێین و لەم قەراغ جادانەدا لادەدەین".

ئەم سەیرانە مەسرەفێکی زۆری تێدەچێ، عومە حەمە غەریب کە گەنجێك بوو، لەپاڵ ئۆتۆمبێلەکەیدا وەستابوو لەو بارەیەوە گوتی: "سەیرانێك لەگەڵ خێزانەکەیدا (١٥٠) هەزار دیناری تێدەچێ لەباریکدا ئەگەر خۆت ئۆتۆمبێلت نەبێ بەڵام ئەگەر هەتبێ، ئەوەیان شتێکی ترە"

کاك ڕەحمان ــ یش کە پیاوێکی تەمەن (٤٢) ساڵ بوو پێی وابوو کە هەموو ساڵێك لەوەرزی سەیراندا ڕەنگە (٢) هەزار دینار کە دەکاتە (٣٠٠) هەزار دیناری پارەی نوێ سەرف بکات، ئەو کە پیشەی کاسبە بەگوتەی خۆی حەزی لەسەیرانە، بەڕای زۆرێك لەوانەی کە دەچن بۆ سەیران، زیاتر دیاردەیەکی تەقلیدییەو هەندێ جار خێزان لەبەر عەیبەو بۆڵەبۆڵی دراوسێ دەڕوات بۆ سەیران.

شوکریە خان کە تەمەنی ٢٧ ساڵە ڕۆژی یەکەمی نەورۆز نەچووەتە دەرەوە، دەڵێ: "ئەگەر ئەو ڕۆژە ئێمە بچووینایە بۆ سەیران ئەی کێ سەیری تەلەفزیۆنی بکردایە". بەڕای ئەو زۆرینەیان هەروەك چاولێکەری دەچن بۆ سەیران.

سلێمانی بەیەکێ لەو شارانە دادەنرێ کە زۆرترین ژمارەی خەڵکی لەوەرزی بەهاردا تیایدا دەڕوات بۆ دەرودەشت، ئەمەش وادەکات پێویستیەکان سەیران هەر لەگۆشت و ساردی و بگرە تەنانەت خەڵوزیش نرخی لەوەرزی بەهاردا ڕوو لەهەڵکشان بکات، عوسمان سەعید کە نیوەی قۆڵی هەڵکردبوو کێردێکی بەدەستەوە بوو لەو کاتەی کە موشتەرییەکانی بەڕێ دەکرد دەیگوت: "خۆزگە بەهار چوار وەرز دەبوو ئەوسا منیش دەبوومە ملیۆنێر".

لەم ڕۆژانەدا سەیرانگاکان دیاردەی دزێوو سەیرو نابەجێ تیایاندا ڕوو دەدات، ڕەحمان عەلی لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەوانەی کە ڕەبەنن جەو لەخەڵکی تێکدەدەن، جگە لەوەش دەنگی تەسجیل خەڵك زۆر بێزار دەکات، بەبۆچوونی ئەو پیسکردنی ژینگە مەترسی هەیە بۆ سەر سەیرانگاکانمان".

لەنێو قەرەباڵغییەکاندا ڕووخساری جیاواز بەجلوبەرگی جیاوازەوە دەبینرێ کەهەندێ لەمانە بەسوود وەرگرتن لەو دۆخەی کە بۆ کوردستان ڕەخساوە لەشارو مەملەکەتی خۆیانەوە هاتوون و لێرە دەچنە نێو سەیرانگاکانەوە.

مستەفا کەرەم دەڵۆ خەڵکی بەغدایە، بەدیار گۆشت برژاندنەوە دانیشتبوو، ئەو کە تەمەنی لە (٦٠) ساڵ تێپەڕی کردبوو بەقسەی خۆی هاتووە بۆ کوردستان و ڕۆژێ پێشتر لەدوکان و ئەمڕۆ لەدەباشان بارگەی خستووە، دەیویست بڵێ: "(١٥) جار هاتوومە سەیران لەساڵی ڕابردوودا، ئەمساڵیش هەر (١٥) جار دێمەوە."

هەموو ئەوانەی کە لەو وەرزانەدا دێن و دەچن یاخود دێن، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئامانجتان لەم سەیرانەدا چییە؟ تێ نەدەگەیشتن کە لێشمان دەپرسین بۆ چی دێن؟ زۆربەیان دەیانوت بۆ حەوانەوە، بەڵام بەڕاستی ئەمە حەوانەوە نییە، بەگوتەی سەلمانی تەمەن ٢٤ ساڵ ئەو ڕۆژانە کە دێ بۆ سەیران لەهەموو ڕۆژێ زیاتر ماندوو دەبێ و تەنانەت ڕۆژی دواتریش تا دەمەونیوەڕۆ لەخەو هەڵناسێ. بەگوتەی ڕێزان ئەوانەی کەبەڕۆژ دەڕۆنە دەرەوە بەتایبەت بۆ جێگە دوورەکان، هیچ سوود لەشەوو نیوەی یەکەمی ڕۆژی دواتر وەرناگرن ئەوان ماندوون نەك حەوانەوە!

لەئەنجامدا ئەو بێسەروبەریەی کە لەو ڕۆژانەدا لەسەیرانگاکاندا بەدی دەکرێ بەڵگەیە لەسەر ناتەندروستی بیرکردنەوەکان، لەڕاستیدا سەیران لەشوێن و جێگای هێمن و ئارامدا تەزوو بەگیان دەبەخشێ لەقەرەباڵغییەکدا کە هیچ دەروازەیەك بۆ هەناسەدان نییە، جگە لەوەش لەو جێگایانە خێزان هیچ ئازادییەکی نییە، ئەمە جگە لە چەندان ڕووداوی ناخۆش و درێژ کە لەو ڕۆژانەدا ڕوو دەدەن.

شۆفیرە بی مۆلەتەکان و پۆلیسی هاتوچۆ

ئا: ڕەهەند

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، کۆمەڵێ گۆڕانکاری لەکوردستان ڕویاندا، یەکێك لەو گۆڕانکاریانە زیاد بوونی ئۆتومێل بوو کە بە شێوەیەکی بەر چاو هەستی پێدەکرا ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە سەرەڕای هاتنە ناوەوەی ئوتومبێلی بیانی لە سنورەکان زۆرێکیش لە ئۆتومبێلەکانی باشور و ناوەڕاستی عیراق کە بە ژمارە باریك یان (علوج) ناو دەبردرێن هاتنە کوردستانەوە، ئەو ئوتومبیێلانەش بە شێوەیەك نرخی ئوتومبێلیان داشکاند کەزۆر کەس توانی خەوی کڕینی ئوتومبێل بێنێتە دی ببێتە خاوەنی ئوتومبێل.

هەردی عوسمان زۆر دەمێك نییە بۆتە خاوەنی سەیارە و دەڵێ(منیش وەك ئەو خەڵکە سەیارەم پێیە و ڕۆژانە کاری خۆمی پێ دەکەم، خۆ ئەگەر پشت بە تەکسی ببەستم بەردەوام گیرفانم خاڵی دەبێ) سەبارەت بە مۆڵەتی شۆفێریش دەڵێ(تا ئێستا مۆڵەتی شۆفێریم نییە چونکە بە نیاز نەبووم جارێ وا زوو ببمە خاوەنی ئوتومبێل)

هەروەها عەباس مەحمود: دەڵێ(زۆر دەمێك بوو ئاواتم سەیارە بوو ئەم ساڵ ئەو ئاواتەم هاتە دی بەڵام ئێستا توشی کێشەی ئیجازە بووم ناوێرم بە سەیارەکەم زۆر بڕۆم دەترسم بگیرێم)بێ گومان بە پێی یاسای هەموو وڵاتێك کاتێك کەسێك دەیەوێ ئوتومبێل لێ بخوڕێت دەبێ پێشتر توانای خۆی تاقی بکاتەوە، دوای ئەوە مۆڵەتی شۆفێری پێ دەدەن، بەڵام دەرەنجامی لە ناکاوی زۆر بوونی سەیارە لە کوردستان پەستانی زۆری خستۆتە سەر بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەت پێدان ئەوەش وای کردووە کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری دەبێ کاتێکی زۆر چاوەڕوان بکەی.

شاخەوان نەجمەدین: دەڵێ(من کاتێك کوراسەم وەرگرت چوم بۆ خولێکی شۆفێری تا بە باشی فێری شۆفێری ببم ئەو کات زۆر باش بووم بەڵام ئەوە هەشت مانگە چاوەڕێ دەکەم، ئێستا بەو شێوەی جاران لە خۆم ڕانا بینم کە لە ترایی دەربچم، وا هەست دەکەم زۆر لەو کردانەی فێری بوم بیرم چۆتەوە)

هەروەها هێمن ئەحمەد: دەڵێ(چوم کوراسە وەر بگرم پێم دەڵێن لەوانەیە بۆ یانزە مانگی تر ئیجازە بخەیتە گیر فانت توخوا ئەوە ڕەوایە، قەت ناتوانم ئەوەندە چاوەڕێبکەم بە خوا بێ ئیجازە سەیارەکەم دەردەکەم) زۆر جار لە ئەنجامەی ئەو چاوەڕوان کردنە هێڵی ئارام گرتن دەچڕێ و زۆرێك لە شۆفێرە تازە پێگەیشتوەکان بێ مۆڵەت ملی ڕێگادەگرن و بە ئوتومبێلەکانیان دەچنە دەرەوە.

هێمن موسا دەڵێ (من کارم زۆرە و ڕۆژانە زۆر دێم و دەچم، خۆ سلێمانی ئەوەندە بچوك نییە تا بە پێ هاتو چۆ بکەم خۆ ئەگەر بە تەکسیش هاتوچۆ بکەم ئەوا قازانج سەری مایە دەخوا بۆیە ناچارم بەسەیارەی خۆم هاتوچۆبکەم، تا ئێستا دووجار کەوتومەتە ناو مەفرەزەی مرورەوە جاری دوەمیا غرامەیەکی(١٥٠٠٠٠)دیناریان بۆ کردم

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ لەبەر ڕونەدانی کارەساتی دڵتەزێن پۆلیسەکانی خۆی بەنا شەقامەکاندا بڵاو دەکاتەوە تا شۆفێرە نا یاسایەکان دەستگیر بکەن. هەر شۆفێرێکیش بگرێت بڕی (١٥٠٠٠٠) دینار باجی لێ وەر دەگیرێت و دەبێ پەیمانی یاسایش (تعهد کاب عدل) بدات کە جارێکی دی سەیارە بێ مۆڵەتی شۆفێری لێ نەخوڕێت.

ئارام صدیق دەڵێ (من دوو جدار گیراوم و غرامە کراوم بەڵام ئێستاش هەر سەیارەکەم لێدەخورم، بۆ ئیجازەم نادەنی؟ ئەوا نزیکە شەش مانگە چاوەڕی دەکەم تازە لە ئیمتیحانی نەزەریدام)

ئەنجامی زۆر بوونی سەیارە ڕۆژانە دەیان شۆفێری بێ مۆڵەت دەستگیر دەکرێن ئەوەش وای کردووە ململانێ بکەوێ نێوان شۆفێرە بێ مۆڵەتەکان و پۆلیسەکانی هاتوچۆوە، کە زۆر جار دەگاتە ئەوەی دەمەقاڵێك لە نێوان شۆفێر و پۆلیسەکان دروست ببێ.

بۆیە دەکرێ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ بە میکانزمێکی نوێ تر کار بکات تا کاری هاوڵاتیان باشتر بەڕێوە بچێ پێویستە بەردەوام خاوەنی پلانی نوێ بێت تا خۆی لەگەڵ هەموو پێشهات و بارودۆخەکان بگونجێنێ.

دەنگەکان Voices

یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سەربەخۆی ئەلکترۆنی کوردییە

The First Daily Independent Kurdish Online Newspaper

ئارشیڤ | لینک | ئیمێل | دەنگەکان

وتە حەراکراوەکان | کتێبخانە | مۆسیقا | هونەر | نووسەران

ماڵپەڕی دەنگەکان ماڵپەڕێکی کوردییە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەم ماڵپەڕە لەساڵی ٢٠٠٢وەوە دامەزراوە و لەبواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا توانیوتی خزمەتێکی بەرچاو بەڕۆژنامەگەری کوردی بکات. میدیای کورد بەخێرایی ئەم چەند پرسیارەی ئاراستەی بەڕێز "گۆران عەبدوڵڵا" بەڕێوەبەری "دەنگەکان" کرد.

میدیای‌کورد: ڕۆژنامەئەلەکترۆنیەکان لەدوای ڕۆژنامەی تەقلیدیەوەپەیدابون ئەتوانین بپرسین کەدەنگەکان وەك ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی کوردی چ خزمەتێکی گەیاندوە بەتایبەتی بەنوسەرو ڕۆژنامەنوسی‌کورد؟

گۆران: ڕەهاییەکی‌زیاتری بۆنوسەردەستەبەرکردوە.

میدیای‌کورد: کێ هاوکاری‌دەنگەکان دەکات؟

گۆران: هیچ کەسێك.

میدیای‌کورد: ئەگەر حکومەت هاوکاریت بکات وەری‌دەگرن ئەگەر نا بۆچی؟

گۆران: ئەگەربۆکۆت لەدەست وپێنان نەبێ، بەڵێ.

میدیای‌کورد: باس لەوە دەکرێت کە ماڵپەڕەکوردیەکان لەبەرشەڕی نیوان خۆیان نایان پەرژێتە سەروەڵامدانەوە بە وکەنالانەی‌کەدژبەکورد دەنوسن بەتایبەتی کەناڵەعەرەبیەکان؟

گۆران: بۆدەنگەکان وانیە کۆمەڵێك نوسەری بەڕێزمان هەیە وەکو(حەمەڕەشید هەرەس، سەلام عەبدوڵڵا، خەلیل کاردە جەلال جەباری ،خالید مەجید، ئاسۆبیارەیی، ئەحمەد ڕەجەب..) کەهەمیشەو بەزمانی عەرەبی وەڵام بەو هێرشانە دەدەنەوە.

میدیای‌کورد: هەست بەناکۆکی‌دەکرێت لەنیوان ماڵپەڕەکاندا بۆنمونە کوردستان نێت و کوردستان پۆست ناکۆکی لەنیوان ماڵپەڕەکوردیەکاندا بۆچی؟

گۆران: هەرلەپرسیارەکەتادەردەکەوێت کەدەنگەکان بەشێك نییە لەو ناکۆکییە، چاکتر وایە پرسیارەکە ڕوبەڕوی خۆیان بکەیتەوە.

میدیای کورد: لەنێوان نوسەرەکانیشدا شەڕێك هەیە من دەمەوێت بپرسم ئەوناکوکیانە کەهەیە لەسەر ماڵپەڕکان نوسەرەکان ناکۆکیەکان دروست دەکەن یان ماڵ پەڕکان سەرچاوەی ناکۆکیەکانن.

گۆران: پێم وایە بەڕێژەیەکی زۆر ئەوشەڕانە پەیوەندیان بەبەڕیوبەری سایتەکانەوە هەیە کەلەچ دونیابینیەکەوە ئەڕواننە کێشە جۆراوجۆرەکان. تاچەند توانیویانە لەو کلتوری کوشتن وڕیسواکردن. خۆیان ڕزگار کردوە. چەند توانیویانە زمان وەکو چەك بۆفەناکردنی بەرانبەرەکەی بەکار نەهێنێت بەوڕادەیەش ئەتوانرێت ئاقاری شەڕەکان بگۆڕێن بەڕخنەی دروستکەرو ڕێ لەشەڕە جنێویش بگیرێت.

میدیای کورد: حیزبەکان لەماڵپەڕەکان نیگەرانن دەڵێن ڕەخنەناگرن لێمان جنیومان پێدەدەن ناحەقیمان بەرامبەردەکەن دەنگەکان دەڵێ چی؟

گۆران: ناحەقیم بینیوە بەڵام بەگشتی حیزبەکان تەنها (شاباش)کردنیان قبوڵە، بەجیاواز لەوە هەموشتێکی تر بەجنێو دەزانن.

میدیای کورد: سوپاس.

گۆران: هیوادارم وەڵامی پرسیارەکانم دابێتەوە.

هەورامی و هەورامیەکان

ئاسۆ بیارەیی ـ سوید



زاراوەی هەورامی بەشیکی بنچینەیی زمانی کوردییە، سەرچاوەیەکی گرنگی زمانی کوردی بووە، ناوچەی هەورامان بەهۆی شوینی جوگرافییەوە تایبەتمەندی ئەم بەشەی کوردستان، دژی داگیرکەران بپاریزریت و زمان و کلتوری کوردی، بەزیندوویەتی بەرز ڕابگریت. سەردەمیکی دوور ودرێژ، هەورامی زمانی نووسین بووە.

بەڵام ئەمڕۆ، ئەم زاراوەیە، کە هەموو بنەمایەکی زمانی تیایە، خەریکە تووشی شکستی و دابران ئەبێ، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور. فاکتەرەکان زۆرن، یەکیك لەوانە، ویرانکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوەیە. ئەوەی جیگەی شانازییە، هەورامییەکان کاری بەرهەم هینانی خۆیان لەدەست نەداوە، سەرباری بڵاوبوونەوەیان، لە ناوچەی سۆران و شوینەکانی تر.

پرسیارەکان ئەمانەن، ئەی بۆچی هەورامی، وەکو نوسین بەکار ناهینریت؟ ئایا کێ بەرپرسە؟ یان هەندێ لەڕۆشنبیرانی هەورامی لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، ئێستای کوردستانی باشوور، تواونەتەوەو ئەگەر بۆیان بکرێت زمانەکەشیان ئەسڕنەوە؟

گومانی تیا نییە، کە داگیرکەرانی کوردستان ڕۆڵێکی باڵایان، لەسەرکوێرکردنەوەی زمانی کوردی، بەگشتی هەبووە و هەیە، پارچەپارچەبوونی کوردستانیش، بۆگەشاندنەوەی زاراوەیەك وەکو زاراوەی هەورامی لەبار نەبووە. ئەم هۆکارەیە لای هەمووان ڕونە.

ئەوەی کەجێگەی داخە، وا دەر ئەکەوێ کە ئەمڕۆ هەندێ بەناو ڕۆشنبیری هەورامی شەرم دەکەن، بەهەورامی بدوێن، پێیان خۆشترە بەسۆرانی یان عەرەبی و فارسی قسە بکەن، لەدەرەوەی هەورامانداە، کە کەس نەزانێت کە ئەوان هەورامین.

من گلەیی لەکوردێکی کوردستانی باکوور ناکەم، کە سیاسەتی ئەتاتورکی، زمانەکەی لەبیر بردۆتەوە، و ناتوانێ بە کوردی بئاخەفێت، ڕاستە وەکو ئامارەم پێدا، داگیرکەر هەوڵی دووبەرەکیان داوە، نەك لەنێوان زاراوەکان، بەڵکو لەنێوان شارەکانیش.

سەیر ئەوەیە، کە ئێستا، لەکوردستانی باشوور ئازادییەکی باش هەیە، هەموو کەسێك دەتوانێت دەنگی خۆی هەڵبڕێ و خۆی بنوێنێت، لێرەشدا دیسان بڕێك بەناو ڕۆشنبیرانی هەورامی، لەنێو پارتییەکانی کوردستانی باشووردا خەمساردن و تەنها نازناوەکەیان بەهەورامی ماوەتەوە. ئەوانەشی کە ماونەتەوە کۆششی ئەوە ناکەن کە خۆیان ئۆرگانیزە بکەن و کارێك بۆ هەورامانەکەیان بکەن.

موخابن، کە پارتییەکانی کوردستان، هەورامان و زاراوەی هەورامییان پشت گوێ خستووە، بەهەورامییەکان ڕەوا نابینن، سەنتەر، مەڵبەندی بڵاوکراوەی هەورامی، ئێژگەیەك و چەند سەعاتێك بەرنامەی هەورامی، بۆ هەورامییەکان تەرخان بکەن. بەڵام گیانیان فیدایە، باسی برایەتی کورد و تورکمان و عەرەب بکەن. ڕۆژانە بەشێکی زۆری میدیای خۆیان بۆ ئەو سێ نەتەوەیە تەرخان کردووە، بەمەرجێك تەلەفزیۆنەکانی ئەوان، بەخراپە نەبێت، هەرگیز بەباشە بەوشەیەکیش، باسی کورد ناکەن.